مەسرور بارزانی: بڕکارهێنانی مووچەی فەرمانبەران وەک کارتێکی سیاسی کارێکی قبووڵکراو نییە



سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بڕکارهێنانی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان وەک کارتێکی سیاسی کارێکی قبووڵکراو نییە،ئاماژەی بەوکرد مووچەخۆرانی هەرێم بە پێی یاسا و دەستووری عێراق مافی خۆیانە مووچەکانیان لە کاتی خۆیدا وەربگرن.

ئەمە شەممە ، مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی "الشرق نیوز" کە پوختەیەکی بڕاو کراوەتەوە رایگەیاند، "مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا و دەستووری عێراق مافی خۆیانە مووچەکانیان لە کاتی خۆیدا بەبێ هیچ دواکەوتن و کێشەیەك وەربگرن".

هەوڵەر لەسەر بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی داهاتووی فیدراڵی".

جێختی لەوشکردەوە، "ئامادەین لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە یاسای نوێی نەوت، هەوڵەر هەوڵدەدات لەگەڵ بەغدا هاوکار و هەماهەنگ بێت بۆ هەنارەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان".

ڵێبارێی هێرشە درێنییەکانی سەر کێگۆ نوێنەرایەتیکانی هەرێم مەسرور بارزانی دێت، "حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانی دەزانن چ لایەنێك لە پشت ئەو هێرشانەوەیە، بەڵام بە باشی دەزانن چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن، هێروهها حکومەتی هەرێم بە دڵنیاییەوە لەم بارەوە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراق لە هەماهەنگیدایە".

دڵشێت، "هەر ئاڵوگۆڕێکی ئەمنی لە ناوچەکە، کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر هەموان دەبێت".

سەبارەت بە سوریا مەسرور بارزانی ئاماژەی بۆدا، "پێویستە دیمەشق دەرگا بە رووی کورددا بکاتەوە و داواکارییەکانی کوردی سوریا جێبەجێ بکات".

□

سەرکی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سعودیە و ئێران رایگەیاندوو، "پەیوەندییەکان لەگەڵ ریاز زەر باشن و مێژووین، هاوکات هەوڵەر رێز لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران و وڵاتانی دراوسێی دەگرێت و نایەوێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ یەکێك لە وڵاتانی دراوسێی و هاوکات بەشکیش نەبووە لە کێشەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل".

□